گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا -سورەتی الطور-ی دەخوێند، کاتێک گەیشت بە ئەم ئایەتە: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَـٰلِقُونَ (35) أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ (36) أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ (37)﴾، دەڵێت: دڵم خەریک بوو بفڕێت

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا -سورەتی الطور-ی دەخوێند، کاتێک گەیشت بە ئەم ئایەتە: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَـٰلِقُونَ (35) أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَاوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ (36) أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ (37)﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوان (بێ خوڵقێنەرێک) لە خۆیانەوە دروست بوون یان خۆیان (خوڵقێنەر) ودروستکاری خۆیانن؟(35) ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان وزەوییان دروست کردووە (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیا نین وگومانمان هەیە(36) ئەی ئایا گەنجینەکانی پەروەردگاری تۆ لای ئەوانە؟ یان ئایا هەر ئەوان دەسەڵاتدار وزاڵن(37)﴾، دەڵێت: دڵم خەریک بوو بفڕێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا هاتووە: جوبەیر -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک هات بۆئەوەی دیلەکانی جەنگی بەدر بگەڕێنێتەوە، گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا -سورەتی الطور-ی دەخوێند لە ڕکاتی یەکەم ودووەم، ئەمیش کاتێک بوو کە هات بۆئەوەی دیلەکانی جەنگ بەدر ڕزگار بکات، کاتێک گەیشت بە ئەم ئایەتە: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَـٰلِقُونَ (35) أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَاوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ (36) أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ (37)﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوان (بێ خوڵقێنەرێک) لە خۆیانەوە دروست بوون یان خۆیان (خوڵقێنەر) ودروستکاری خۆیانن؟(35) ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان وزەوییان دروست کردووە (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیا نین وگومانمان هەیە(36) ئەی ئایا گەنجینەکانی پەروەردگاری تۆ لای ئەوانە؟ یان ئایا هەر ئەوان دەسەڵاتدار وزاڵن(37)﴾، جوبەیر دەڵێت: (دڵم خەریک بوو بفڕێت): ئەمیش بەهۆی ئەو بەڵگە بەهێزانەی لەم ئایەتانەدا باسکراوە کە دڵ ڕادەچڵەکێنێت، پاشان جوبەیر مسوڵمان بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10919